نووسەری کورد بۆ کێ دەنووسێت؟.. سەدیق سەعید هەواندزی

هەموو ئەو هونەرە مانایەکانی نووسین، لەوەدا دەردەکەون کە چەند دەتوانرێت کاریگەریەتی لە سەر هزر و بیرکردنەوەی خوێنەر دروست بکات و مەوداکانی بیرکردنەوە و تێڕامانی هزری فراوانتر بکەن. لەنەوەندی ڕەشنبیریی کوردیدا، بە هەزاران کەس دەنووسن، کتێب چاپ دەکەن، بیروڕاکانیان دەخەنە ڕوو، هەیانە سانەی پێنج شەش کتێبی بە ناو فیکریی، شیعر، لێکۆڵینەوە، سیاسەت و ڕۆژنامەوانی و مەعریفە بڵاودەکاتەوە، بە بۆچوونی نووسینەکانی بە خوێنەران بڵەیان هەبێت و جۆگەی خێیان بگرن. بەگومان ڕەنگە باس و بابەتی کتێبەکان گرنگ و پێویست بن، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە، بە چ مەدەکی نووسین دەیگەیەنێت؟ چ پەیامێك و مەبەستێکت هەیە و ڕووت لە کام خوێنەرە؟ خوێنەرەکی سادەی کورد، کە تا ئێستاش نیتشە ناسێت، یان خوێنەرەکی ئەمانی؟ ئایا پێویست دەکات، سەد جار باسی هایدگەر بکەیت لە نووسینەکدا، لە کاتێکدا تە ڕووت لە خوێنەری کوردە، نزیك نەتەوەیەکی دیکە؟ گەر سەرنج لە زمانی نووسینی بەشێك لە نووسەرانی کورد بدەین، بە تایبەتیش لە بواری هزریی و لێکۆڵینەوەدا، دەبینین زمانێکی یەکجار وشك و بڕینگ بە مانایەو خوێنەر دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی وتارەکە دەبێتەوە، ناچارە ئەو پرسیارە لە خۆی بکات ئەڕاست ئەوە چی بوو من خوێندمەوە؟ چ سوودێکم لێم وتارە بینی، کەکاتێکی زۆری خەمم بە تەرخان کرد؟ بە بۆای من، نووسەری کورد هیچ کاتێك نابێت ئەوەی بیر بچێت کە ئەو بە خوێنەری کورد دەنووسێت و ڕووی لە خوێنەرەکە ڕەنگە زانیارییەکی هەمە لایەنەی لە هەموو ڕووکەوە نەبێت. ئەمە بۆ مانایە نییە نووسین سادە بکەینەوە، بەڵکو بۆ مانایەی چۆن ئەوەی مەبەستمانە دەیگەیەنین؟ ئایا پێویست دەکات کاتێ لە بارەی شاعیرێکی کوردەوە دەنووسین، سەد جار ناوی نیتشە و هایدگەر و دیکارت و کانت و ئەدەرنە بێنین؟ جارێکیان هاوڕێیەکی شاعیرم پێی گوتم (نووسەرێك کتێبێکی لە بارەی حەمە عومەر عوسمان نووسیبوو، کەچی هیندەی باسی نیتشەی کردبوو، هەرباسی شیعرەکانی نەکردبوو، گوتی منیش پێم گوت، تە کتێبت لە سەر نیتشە نووسیوە، یان حەمە عومەر عوسمان؟) بە داخەوە ئەمە بۆتە مەدەك لە دنیای نووسینی ئەمەدا و نووسەران بۆایان وایە، چەند باسی

فەیلەسوفانی دنیا بکەن و ناوەکانیان لەبیزبکەن، ئەوەندە لەشنبیرتر و داناتر دەردەکەون. لە کاتێکدا دەکرێ تە ئەوەی مەبەستێ بیگەیەنێت، بەبێ ئەوەی ئاماژیەك لە هزری خوێنەر دروست بکەیت. بەشێکی زۆر لە نووسەرانی کورد، بە تایبەتیش گەنجەکان و ئەوانەی تازە سەرەتای نووسین و دەرکەوتنیانە، بە ئەوەی گوایا پیشانی خوێنەرانی بدەن چەند زمان دەزانن، چەند پە مەعریفە و لەشنبیرن، دێن لە نووسینەکانیاندا ناوی هەرچی فەیلسوف و بیرمەندی دنیا هەیە لەبیزدەکەن و بیریان دەچێتەوە کە ئەوان لەوپان لە کام خوێنەرە و بە کە دەنووسن؟ بەیەشێ نووسینەکانیان نەك هەر نابێتە ئیزافەیەك بە دنیای لەشنبیری ئەمە، بگرە گەلەك جار بە گاڵتەو و توانجەوە دەگوترێت، نووسەری کورد نیتشە و هایدگەر دەپەرستێت. لەم لەوەو دەمەوە نمووونەیەکی بەرجەستە و دیار بهێنمەوە. لەو لەژانەدا، وتارێکی (هاوار محمەد) لەکم خوێندەوە، کە بە تەگەیشتنی خۆی، قسە لە سەر ئەنفال لە شیعری مامەستا (لەبوار سیوەیلی) دەکات. ئەم بەلەزە، لە نووسینە دوور و درێژو بەزارکەرەکەی خەیدا، ناوی هەرچی فەیلەسوفی دنیا هەیە دێنێت، تەنە ئەوەی باسی ناکات ئەنفالە. بەلەگەشم بە قسەکەم ئەوەیە، کە خودی مامەستا سیوەیلی وەلامی نووسینەکەی داوەتەوە و پێی دەلێت ئەوەندی خێت نغرەی ناوی بیرمەندەکانی جیهان کردووە، ئەرکە سەرەکییەکەی نووسینت، کە لەنگدانەوەی ئەنفالە لە قەسیدەکەی منداە، لە بیرچووە. زۆر بە لەوونیش پێی دەلێت، ئەم شێوازە لە نووسین نەك هەلەیە، بگرە جۆرێك لە سەر لە شێواندن و تێنەگەیشتنیشە لە گوتار و مانای دەقی شیعریدا. سیوەیلی، کە یەکێکە لە دیارترین و پە مەعریفەترین نووسەرانی ئەمە و یەکێکیشە لە بە ئاگاترین نووسەرانی کورد، لە هزری فەیلەسوفان و بیرمەندانی دنیا، کەچی مەگەر پەویست بکات و بە دەگمەن دەنا ناویشیان ناهێنێت ! گریمان ئەمە مانان وەك خوێنەرێك، ئاستی لەشنبیریی و تێگەیشتنمان لەو نووسینە کەمە، بەڵام ئەگەر وایە، بۆچی سیوەیلی ئەم جۆرە بە ناو نووسین و توژینەوانە لەت دەکاتەوە؟ بەشێك لە نووسەرانی کورد، دیانەوێت مەعریفەی خۆیان لە نووسیندا نمایش بکەن، بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئەوان ئەم مەعریفەیە پیشانی کە دەدەن؟ خوێنەرێکی ئاسمان، ئینگلیز و عەرەب؟ یان خوێنەرێکی ئاسایی کورد، کە جگە لە زمانی کوردی هیچ زمانێکی دیکەی بیانی نازانێت؟ ئەم جۆرە بە ناو توژینەوانە، نەك هەر خزمەت بە دنیای نووسین و لەشنبیری کوردی بە مانا گشتیەکەی ناکەن، بەڵکو لە ئاستی بژاردەی نووسەرانی پە مەعریفەش لەت دەکرێنەوە، چونکە دەزانن ئەم شێوازە زمانە ئاماژ و میکیاژکراوە بە ناوی سەدان فەیلەسوف، سوودێکی ئەو تەی بە خوێنەری کورد نابێت. نووسەرانی

کورد، دەبێ هەمیشە ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن کە ئایا ئەوان بە کێ دەنووسن؟ بە خۆیان؟ یان بە خوێنەرەکی بیانی؟ دەکرێ تە باسی ئینفال بکەیت، بەڵام لە پڕاوێز و بە بچووکی؟ مەگەر باسکەت لەسەر ئەدەبنرێیە یان ئینفال و شیعر؟ بۆچی کتێبکانی حەمە سەعید حەسەن، دە جار چاپ دەکرێنەوە وەکتێب فرۆشیکانیش نامێنن؟ بۆچی خوێنەران بە تاسەوە کتێب و نووسینکانی ببەوار سیوەیلی دەخوێننەوە؟ بەگومان دیارە، چونکە ئەم نووسەرە، دەزانێت هزری خوێنەری کورد بدوێنێت و دیالێگی لەگەڵ بکات، پرسیاری لا دروست بکات، لە هەمووشی گرنگتر ئاست و تێگەیشتن و زمانی خوێنەری کورد نزیك هەر شارەزایە، بەکو بە قووڵی خوێندوویەتیەوە و ڕچووتە ناوی، بەیە بە بایخەوە کتێب و توێژینەوەکانیان دەخوێنرێنەوە. نووسەری کورد، لە بەرای هەموشتکدا دەبێ ئەوە بزانێت کە ئەو ەووی لە خوێنەرەکە و بە خوێنەرێك دەنووسێت، کە تا ئێستا هەژار موکریانی و پیرەمەرد و عەلائەدین سەجادی و دەدار و شێخ ەزا ناناسێت، ئیدی چۆن سەدان فیلەسوفی وەك ئەدەرنە و والتەر بنیامین و ئەوانی دیکە دەناسێت، کە بەشێك لە نووسەرانی ئەمە وەك سیوەیلی دەیەت هەر بە ئەوە ناویان دەنێن، تا بە خوێنەر بڵێن ئەمانە دەناسین و بزانە چەند ەشنبیرین ؟!

*ئەم بابەتە لە ەژنامەی هەولێر ژمارە (4047)ی ەژی 2/4/2024 بڵاوکراوەتەوە.

ەکابڕی چین و هندستان.. عوسمانی حاجی مارف

ەکەوتنی هیندستان و ئیمارات، بەشدارە لە بەرزکردنەوەی چانسی پشکەوتنی پەژەی ەەەوی ئابووری نەوان هیندستان و ەژهەاتی ناوەاست و ئەوروپا، کە لەچوارچێوەی ستراتیژی فراوانی ئیدارەی جۆ بایدنە بە کەنتەکردنی کاریگەری چین لە ئاستی نەودەوەتیدا.
لەماوەی سااانی ابردوودا، جگیربونی چین بووەتە واقعێکی حاشا هەنگر لە ەژهەاتی ناوەاستدا، ئەمریکاش بەدوای هەلی وبەوبونەویە لە کابڕی بەرامبەر پرۆژەکانی چین. سەرهەدانی

بەرچاوی چین لە ناوچەی هێڵی ئاسیا-پاسیفیکدا ناوەڕاست لە سنووری ئابووریدا ناوستێت، بەڵکو لەم دواییانەدا درێژبوونەوە بە لایەنی سیاسی، ئەمەش لە هێڵکێوتنی نێوان سعودیە و ئێران بە نێوەندگیری پەکین دەرکەوت، نێوەندگیرییەک کە چینی بەکاربەرێکی گەورە لەسەر شانی جیهانی لە بەرامبەر ئەمریکادا نیشاندا.
هەرچەندە ئەمریکا لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەباکیەکی ونی لە پاراستنی پەیوەندی و نفوزی خۆی لە ناوچەی هێڵی ئاسیا-پاسیفیکدا ناوەڕاستدا نیشانداوە، بەڵام لەبەر هێشنایی گرنگیە جیۆپۆلەتیکی و ئابووریە زۆبەلاحەکانی ناوچەی هێڵی ئاسیا-پاسیفیک ناوەڕاست، ململانێ لەگەڵ چین بووە هۆی ئەوەی ئیدارەی بایدن بیر لەو ستراتیژە بکاتەوە، کە پێژەی "هێڵی ئابووری" وەک هێڵکاربەرێکی ستراتیژی لەبەرامبەر، دەستپێشخەری "پشتێن و ڕێگاوبان"ی چینی ببینێت، کە دواجار دەبێتە هۆی دروستکردنی زنجیرەی نوێی دابینکردن بۆ ئەورووپا، کە پشت بە هیندستان دەبەستێت لەبری پشتبەستن بە چین، بۆیە ئیدارەی بایدن دەیانەوێت بەشێوەیەکی جیاواز ماملە لەگەڵ دەخەکاندا بکەن.
لە هێڵی سەشەمەی ١٣ی شوبات، هیندستان و ئیمارات هێڵکێوتنەکی چوارچێویان بۆ بەهێزبردنی هێڵی ئابووری نێوان هیندستان، هێڵەهاتی ناوەڕاست و ئەورووپا واژۆکرد، ئەو ڕێڕەوەی پشتر لە "لوتکەی گروپی G20" لە مانگی ئەیلولی ساڵی ڕابردوودا ڕاگەیاندرا، کە لە نیودەلهی بەهێزوچووە.
هەرچەندە ئامانجە ئابووری و سیاسیەکانی ووڵاتانی بەشدار لە کۆریدۆرەکەدا هەن، کە بریتین لە بەرزکردنەوەی پەیوەندیی ناوچەیی و هاوکاری ئابووری، بەڵام سەرکەوتنی کۆریدۆرەکە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە دیمەنی ئاسایشی جیۆپۆلەتیکی هێڵەهاتی ناوەڕاستەوە.
بە سەرنجدان بەوەی کە بەندەری حەیفای ئیسرائیلی، پێشبینی دەکرێت دەروازەی سەرەکی ئەو کۆریدۆرە بێت، بۆیە لەگەڵ بەندەرەکانی باشوور و هێڵئاوای ئەورووپا، پەرەپێدان و تەواوکردنی هێڵەوی ئەو پرۆژەیە زیاتر پەیوەست دەبێت بە ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان سعودیە و ئیسرائیل، یان لانیکەم گەیشتن بەهێڵکێوتن و لێکتێگەیشتن سەبارەت بە بەشی باکووری کۆریدۆرەکە، کە بەدەستهێنانی ئەمش ئەستەمە، مەگەر بەهێڵکخستنی دەخی غەززەی دوای جەنگ دەکرێت کاری لەسەر بکرێت، شتێی ئیسرائیل لەسەر غەززە کاردانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پێژەکان، کەووبەووی ئاستەنگی دەبنەوە، کە وا دەکات جێبەجێکردنیان لە ماوەیەکی نزیکدا ئاسان نەبێت.
تەماحە ئابووریەکانی هیندستان کە پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠٢٦ ئەمانیا تێپەڕێنێت و ببێتە چوارەم گەورەترین ئابووری لە

جیهانـــدا، پـــاڵی بـە ســـەرکۆزیرانی هیندســـتانـــەوە نـــاوە کە قووکردنـەوەی پـەیوەندیـکانی لـەگـڵ دەوڵـەتانی کـەنداوی عـەرەبی لـە پـشینـەی کارکانیدا دابنـێت، ئـەمـش لـەبـەر نـەشنایی بـەرژەوەندیـکانی پـەیوەست بـە هاوردەکردنی وزەو هـێزی کار لـە هیندستان.
گـۆشـەی پـەیوەندیـکانی چین لـە ناوچـەی کـەنداوی عـەرەبی، هاندەری هیندستان بووە بـە چـەکردنـەوەی هـەوڵـە دیپلـۆماسیـکانی لـەگـڵ وڵـاتانی کـەنداو، بـەتایبـەتی لـە ژێـر نـەشنایی نیگـەرانی هیندستان سـەبارەت بـە هـەوڵـەکـانی چیـن بـە دروسـتکردنـەوەی کاریگـەریـکـانی لـەنـێگـەی ئـەو بـەنـدەرانـەی کـە دەڵـێنـن "دەریای عـەرەبی و گـەروی باب المندب" بـە دامـەزراندنی بنکـەی سـەربازی، کـە گرنگتریـن هـەڕەشـەکـانی بازرگـانی هیندستان لـەنـێگـەی نـەژهـەڵـاتی ناوەڕاستـەوە بـە ئـەوروپا.
ئـەنجوومـەنی هاوکاری کـەنداو، لـە ئـێستادا گـەورەترین بلـۆکی هاوبـەشی بازرگانیـە بـە هیندستان، بـەهای بازرگانی دوو قـۆڵـی لـە سـاڵـی دارایی ٢٠٢١-٢٠٢٢ گـەیشتووەتـە زیاتر لـە ١٥٤ ملیار دۆلاری ئـەمریکی، هـەروەها ئیمارات و سعودیـە بوونـەتـە سـێیـەم و چوارەم هاوبـەشی بازرگانی بـە هیندستان.
لـەناو وڵـاتانی "ئـەنجومـەنی هاوکاری کـەنداو"دا بـەتایبـەتی سعودیـە، ئیمارات و قـەتـەر، هـەڵـپـەکانی "طموح" هیندستان دەنگی دایـەوە، کـە بـە گرنگیدانـەکی زیاتـرەوە سـەیری هیندستانیان دەکرد، وەک بازاڕـێکی گرنگی گـۆشـەسـەندو بـە هـەناردەکردنی وزە، هـەروەها دابینکردنی پـێژەی هـاوبـەشی کـە لـەگـڵ سـتراتیژیـەتی وڵـاتانی ناوچـەکـە لـەسـەر بـنـەمـای کـەمکردنـەوەی پشتبـەستن بـە داهاتی نـەوت و گاز و گواستنـەوە بگونجـێت، بـە وەبـەرهـێنـانـێکی زیـاتر لـە کـەرتـەکـانی وزەی نـوێبـووەوە و تـەکنـەلـۆژیادا.
وەک ئاماژەیـەک بـە هـەوڵـەکانی هیندستان بـە کـێبـڕکـێ لـەگـڵ کاریگـەری چینی لـەنـێگـەڕهـەڵـاتی ناوەڕاست، کـەمپانیایـەکی هیندی بـەندەری حـەیفای ئیسرائیلی کـڕی، بـەئـەوەی بـەشـێتـە بـەدیلـێک بـە گرێبـەستـێکی هاوشـێوەی چینی کـە لـەلایـەن واشنتـنـەوە ڕاگیرا، کـە هـەوڵـدات نیودەلـەتی بکاتـە بـەدیلـێک بـە پـێکین. پـەڕچـەت واشنتـن هـەوڵـی ئـەو بدات هیندستان وەک ڕکابـەرێک بـە چین لـەنـێگـەڕهـەڵـاتی ناوەڕاست بـەکاربهـێنـێت، کـە نیودەلـەتی پـەیوەندیـە سـەربازی و ئابووری و کارکانی لـەگـڵ وڵـاتانی کـەنداو بـەتایبـەتی دەپارێزێت.
کـەنتـڕۆڵـکردنـی بـەنـدەری "سـتراتیژی" ئیسـرائیلی حـەیفـا" لـەلایـەن هندسـتانـەوە بـەشـێکـە لـە سـتراتیژیـەکی نـوێی نـاوچـەیی کـە هـەوڵـدات دەوری هـەبـێت بـە سنوردارکردنی کاریگـەری چین، لـەلایـەکی تریشـەوە تـەکـڵـبووونی ئیسرائیل بـەنـێگـەڕهـەڵـاتی ناوەڕاست خـراتر دەکات.
لـێـڕەشنایی هـەوڵـەکانی واشنتـن بـە گـەمارۆدانی کاریگـەریـکانی چین

لە هەموو شوێنێک، هیندستان یەکێکە لە ئامانجەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بە هاوبەشدان بەدیلێک لە بەرامبەر پێکیندا.
لەگەڵ باشتربوونی پەیوەندیەکانی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دراوسێ لە بەرژەوەندیی خێراکردنی ئاسایبونەوە، دەرفەتی بازرگانی نوێ بۆ ئیسرائیل دەکرێتەوە، حەیفاش لە دۆخێکی باشدایە بۆئەوەی گۆشە بکات بۆ ناوەندێکی ناوچەیی و ئیستغلالکردنی شوێنی ستراتیژیی خۆی کە ڕێگایەری میسر و کەناڵی سوێس دەکات
بەیەکەوونی کۆمپانیاکە لە ئیسرائیل ئاماژەیە بۆ زیادبوونی بازرگانی دەریایی لەنێوان ئاسیا و ئەورووپا و هاوکێشەکانی نیودەلهی بۆ ئەوەی ناوەندێک لە دەریای ناوەڕاستدا هەبێت، بەندەری حەیفا نزیکەی ٥٠٪ی سەرجەم کارەکانی ئیسرائیلی لەوە دەگوزرێتەوە.
بەندەری حەیفای ئیسرائیل لەڕوانگەی ستراتیژیەوە بۆ چەند هۆکارێک بۆ گرنگ دادەنرێت، دیارترینیان لەبەرئەوەی دەکەوێتە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست وەک گۆڕەپانێکی گرنگ بۆ بازرگانی نێوان ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا. هەروەها بەندەری حەیفا دەستگەیشتنێکی خێرا بۆ شارە گەورەکان و ناوەندە پیشەسازیەکانی ئیسرائیل دابین دەکات، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ گواستنەوەی کارامەی کارا و سەرچاوەکان.
خاوەندارێتی هیندستان لە بەندەری حەیفا ئۆگەری ئەوەی هەیە بڕیارەکانی ئاوگۆڕی زیاتری کارا و خزمەتگوزاری و وەبەرهێنانی دارایی لەنێوان هیندستان و ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا، ئەمەش ئابووری هیندستان بەرزدەکاتەوە.
هیندستان لەگەڵ بەدەستهێنانی کۆنترۆڵی بەندەری حەیفا، دەتوانێت پەیوەندیەکانی بە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا باشتر بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خێرا و کارا و سەرچاوەکان لە نێوان ئەو ناوچانەدا ئاسانتر هاتوچۆ بکەن.
کۆنترۆڵکردنی بەندەری حەیفا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیندستان سوودێکی ستراتیژی لە ناوچەکەدا هەبێت، ئەمەش ئاسایشی دەریایی بەرز دەکاتەوە و ڕێگەی پێدەدات بگاتە ڕێڕەوی کشتیوانی گرنگ، هاوشێوەی هاوکێشەکانی چین.
ئیمارات بزوێنەری سەرەکی ئاسایکردنەوەی وڵاتانی عەرەبیە لە ناوچەکەدا، لەبواری هاوکاری ئابووری و بۆتایبەتی لە بواری گواستنەوەدا لەگەڵ تەلئەبیب دانوستانی چالاکی ئەنجام دەدات و لەهەمانکاتدا پەیوەندیەکی نزیکیشی لەگەڵ پێکین هەیە.
ئەمریکا هاوپەیمانێکی گرتنی ناوچەیی لەنێوان هاوبەشەکانیدا بەرزبکاتەوە، ئەمەش بەشدارە لە کەمکردنەوەی بەی ئەو سەرچاوانەی کە ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەرجیان دەکات، لە

درژخایەندا بەبە ئەوەی بەرژەوەندیە ستراتیژیکانی خۆی بکاتە قوربانی. بەهێزکردنی یەکگرتنی ناوچەیی یەکێکە لە پایەکانی ستراتیژی نوێی بایدن لە ناوچەکەدا، ئەمە جگە لە پاراستنی هاوبەشی ناوچەیی و ئاگرتن و کەمکردنەوەی گرژیکان و هەوڵدان بۆ ئارامبونەوەی دۆخی سیاسی ناوچەکە.
پێشنیاری ئەمریکا بۆ بەستنەوەی ناوچەکە بە هێڵی ئاسنین، پێویستە بە دەستپێشخەری "هاوبەشی بۆ ژێرخانی جیهانی و وەبەرهێنان"، کە واشنتۆن و گروپی حەوت وڵاتی (G7) لە ناوچەکە ساڵی ئابردوودا ڕایانگەیاند، بە مەبەستی ووبەووبوونەوەی "دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگا"ی چین، کە کاریگەری نەودەوڵەتی زیاتر بۆ پەکین دەبەخشێت.
هەکارێک کێڕگرێ لە پێشکەوتنی پڕۆژەکانی "ڕێگەوی ئابووری" لەناوچەکەدا ناوچەکە، ئەم پڕۆژانە سەرکەوتوو نین لە چارەسەرکردنی ئەو پرسانەی کە دەبنە هۆی ناسەقامگیری سیاسی و گرژیە بنەڕەتیەکانی ناوچەکە، ئەوەش ململانێی نێوان ئیسرائیل و ئێران، ئەو ڕاستیەی کە هەمەتی سەربازیی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە هاوکێشەی ئەمریکای پووچەڵکردەتەوە بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبی، لایەکی تریش کابەری سعودیە و ئێران.
بەگشتی دوای چەندین ساڵ لە ناجێگیری دۆخی سیاسی ناوچەکەو ململانێی وڵاتانی زلهێزی دنیا و کاریگەریان لەسەر زیاتر وێرانکاری عێراق و سوریاو لیبیا و یەمەن و لوبنان، ئاراستەیەک لە ڕێگەوی ئاوگرێ لە دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا هاتۆتە بەرەو، کە ئەو دۆخانەبەر ئەجندای نۆخەو سیاسەتی لایەنەکانی دۆخیل لە ناوچەکەدا، کە لەدواشیکردنەوەدا پەویستیان بەویە بە دامەزراندن و جێگیرکردنی سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان و کابەری نێوانیان، دەبێت دۆخی ناوچەکە سیمایەکی ئارامی و سەقامگیری سیاسی بەخۆیەوە ببینێت، بەنمونە پەیوەندی و پڕۆژەکانی "ڕێگەوی ئابووری" و دەستپێشخەری "پشتێن و ڕێگا" کە ڕێگەوەکی پێشڕەوی لە دامەزراندنی سەرمایەگوزاری چین و هندستان نیشان ئەدات، هەرچەندە کەبەکە و وەستانەوە لەبەرامبەر یەکتردا لایەن هەرلایەنێک لە پڕۆژە ئابوریەکانیدا دەبینرێت، کە لەوێنەی کابەری و بەرامبەرکێی ئەمریکا و هندستاو چین و روسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوا دەردەکەوێت، بەڵام لە دواجاردا لە دامەزارندنی ڕێگەوی ئابوری بەستنەوەی هندستان و چین و کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە ئەوروپاوە، پەویستی بە دابینکردنی ئاسایشکی پتەوە بە گواستنەوەو وەبەرهێنان لە ناوچەکەدا، هەر بەم ئاراستەیەش ئاگری کەتایهێنان بە هەرشی

ئیسرائیل بە سەر غەزە دەکات پەداویستیەکی حەتمی.

کارتێکی لە سەر چەمکی شۆش: ئینقلاب.. سامان خضر محمد

شۆش چییە؟ شۆش ، گۆرانکی کێفی و بنەڕەتییە، ئاوگۆکی گۆرە و بنەڕەتییە لە ژیانی کۆمەڵگادا. واتای شۆش لە کۆمەڵناسیدا، ڕووخانی سیستەمکی کۆمەڵایەتی کۆن و لەکارکەووتە و جێگرتنەوەیە بە سیستەمکی کۆمەڵایەتی نوێ و باوەڕپکراوتر .

بۆ نموونە: شۆشی مەزنی فەڕەنسا کە نزیکەی دووسەد ساڵ لەمەوبەر ڕووپدا، شۆشکی بەرژوایی بوو. بەئاوەژوی سیستەمی دەرەبەگایەتی کۆن کە ژێمی پاشایەتی بورپۆنی هەماکی بوو لە ناوبرد و لە جێ ئەودا سیستەمی سەرمایەداری نوێ وپێشکەوتوتر دانا.

شۆشی مەزنی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕووسیە شۆشکی گەورەی کۆمەڵایەتی بوو چونکە بە لە ڕیشەکەندنی سیستەمی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری کۆن و بنیاتنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی نوێ کە گەورەترین گۆڕانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا مێژووی بەرەو پێشکەوتنکی جیاوازدابرد. شۆش چینکی حاکم دەبەزێنێت و چینکی تر دەهێنێتە سەر حوکم کە نوێنەرایەتی پێویندیی بەرهەمهێنانی پێشکەوتووتر دەکات. دەکرێت ئەوەش بڵێین کە شۆش جۆرە حکوومەتکی نوێ و باوەڕپکراوتر جێنشینی جۆری پێشووی حکومەت دەکات..

مەسەلەی بنەڕەتی لەهەر شۆشکدا پرسی دەسەاتی سیاسی دەوڵەتییە. گرتنی دەسەات لە چینی حاکمی بەسەرچوو بە دەستی توێژ یان چینی پێشەنگ، لە هەما بنەڕەتییەکانی هەر شۆشکە. شۆش گەورەترین شەوازی خەباتی چینایەتییە و ئەوە چین و توێژ پێشکەوتنخوازەکان کە لە ڕێگای شۆشدا قوڵترین و بنەڕەتیترین گۆڕانکاری لە بواری ئابووری، ئایدیۆلۆژی و سیاسیدا درووست دەکەن و سیمای بە تەواوەتی دەگۆڕن.

هەروەها چەندین جۆری شۆرش هەیە لەوانە شۆرشی بەرژوازی،شۆرشی

بەرژوا دیمەکراتیک ، شۆشی سۆسیالیستی و هتد.
بە دیاریکردنی جۆری شۆشی کۆمەڵایەت گرنگە بزانین هەر شۆشک چ ناکۆکیەک چارەسەر دەکات، چ ئەرکێکی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکات، چ چینێک لە دەسەڵات لا دەبات و چ چینێک لەیزی پشتوەی ئەو شۆشدایە.

بە ئەوەی هەر شۆشک بەدی بێت ، مەرجی بابەتی (مەرجی شۆشگێڕانە) و مەرجی هزری (بوونی ڕێکخراوەکی شۆشگێڕ) پێویستە .

شۆش ڕاپەڕینی جەماوەریە بە ئەوەی لە بنەڕەتەوە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەستا بگۆڕێت، لە قارەمانیەتیی ئەم یان ئەو تاکی تایبەتەوە یان ئەم یان ئەو گرووپ و حزبی سیاسیی دیاریکراوەوە سەرهەڵنادات. شۆشی وەاتەک لە قۆناغی یەکەمی لەدایکبوونی مەرجە بابەتیەکان ژیانی کۆمەڵایەتیە.

گفتوگۆ لەگەڵ گرانیبێژ عزەدین شاهەیی.. هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

گرانیبێژ عزەدین شاهەیی: کلیپ کردن بە کارێ هونەریکانی هەر هونەرمەندەك گرنگە
گرانیبێژ عزەدین شاهەیی: زەر گرنگە گرانیبێژ ژنیار بێت
هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

هونەرمەندی گرانیبێژ عزەدین محەمەد سمایل ناسراو بە(عزەدین شاهەیی)، لە 1-6-1970 لە گوندی ئیلنجاغی بچووکی ناوچەی قوشتەپەی شاری هەولێر لەدایك بووە، ئاشنابوونی بە هونەری گرانی بە سەردەمی منداڵی و سەردەمی هەرزەکاری دەگەڕێتەوە، لە ڕێگای ئەزگەی کوردی بەغدا گوێی لە گرانیە کوردیەکانی دەگرد هەرچەندە، زەر جار ڕێگری هەبوو لە بنەماڵەکەی و کاریگەری کەلتووری هەکارەك بوون بە کارەکانی.گرانیبێژ شاهەیی لە ساڵی 2019 کۆمەڵك گرانی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تەمار دەکات و دواتر لە تەڵی کۆمەڵاتیەتی فیس

بووك بۆاوی دەكاتەوە و ئەو بوو دەنگدانەوەیەكی باشی پەیداكرد، دوای ئەو دەنگدانەوەیە چەندین بەرنامەی تاڵە فزیۆن و ڕادیۆیی ساز لەگەڵ سازكرا، شاهیی زیاتر كاری لەسەر بەرهەمە فۆلكلۆریكان كردووە كە هەوڵیداوە زیاتر ئیش لەسەر ئەو ئاوازە فۆلكلۆریانە بكات كە ساڵانێكی دوور ودرێژە فەرامۆش كراون ودووبارە تۆماری كردەتەوە بەڵام بە مۆسیقایەكی باشتر و بە دەنگێكی نوێ بگوێی گوێگرانی ئاشنا كرد ئەمە لەنزیكەوە بە چەند پرسیارێك ئەم هونەرمەندەمان بەسەركردوە.

- سەرەتا بابزانین چۆن ئاشنای هونەری گۆرانی وتن بووین؟
- ئاشنابوونم بە هونەری گۆرانی بە ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە كە لە منداڵی و سەردەمی هەرزەكاری لە ڕێگای ئەزگەی كوردی بەغدا گوێم لە گۆرانیە كوردیەكان دەبوو لەو تەمەنەوە هەگر و گوێگری ئەو هونەرە بووم، بەهەی بوونی بەهرەی دەنگ خۆشیم تێكەڵ بە ئاوازو گۆرانی بووم.
- كامەن ئەو گۆرانیبێژانەی كاریگەریان لە سەرتدا هەبوو، یاخود بەدەنگیان سەرسامیت؟
- گەورە هونەرمەندانی كورد زۆرن كە كاریگەریان لەسەر من هەبووە، بەڵام دەنگی چەند هونەرمەندێك جیاوازتر دەهاتنە بەرگوێم وەكو مامۆستایان حەسن زیرەك، ماملێ، محمد عارف جەزیری، عەزیز شارەخ، كاوەس ئاغا…هتد بەرهەمەكانیان بوون بەهۆینی بەهرەیی هونەریم.
- لەسەرچ بنەمایەك تێكستی گۆرانیەكانت هەڵدەبژێریت؟
- ئەو گۆرانیانەی تایبەتن بە خودی خۆم هەوڵم داوە ئەو هەنراوانە هەڵبژێرم كە زیاتر لەگەڵ سروشت و كەسایەتی من گونجاو بێت لە هەمان كاتدا گرنگێ هەنراوەكان گوزراشت لەرەسانایەتی كوردی بكەن.
- تا چەند كلیپكردن بە گۆرانیبژ گرنگێ، ئاستی كلیپی گۆرانیەكوردیەكان چۆن دەبینی؟
- بگومان كلیپ كردن بە كارێ هونەریكانی هەر هونەرمەندێك بە بڕاو پشچونیەتی لە بوارەكەدا گرنگێ بەڵام زۆر جاریش گوزڕان و باری داری كەسەكە دەبێتە ئاستەنگ لەبەر دەم كارێ هونەریكان، بۆیە كلیپ بە گرنگ دەزانم، ئاستی كلیپی گۆرانیەكوردیەكان باشن بەڵام مانای ئەوە نیە هەموو كلیپەكانیش باش بن.
- بڕۆزتان زیاتر لە تێكەڵاتیەكان بەرهەمەكانت

بەاودەکەنەوە، کەمتر لە تیقییەکان دەردەکەون هەکارەکەی بە چی دەگەرێتەوە؟

-لەوانەیە بەشکی ئەو وەهامە لای کەناەکان بێت …بەشکەی تر بە ئەوە دەگەڕێتەوە بە ئەو شەوازە کلیپ کردنی من کە کردووەە بە کارەکانم و جگە لەخودی خۆم هیچ کەسکی تر لە کلیپەکانم نمایش نەکراوناکرێن بەنموونە وەکو بەشداری کردنی ئافرێت …ەنگە لەی زەرەك لە کەناەکان ئەوە مەرجی سەرەکی بێت ! بە داخەوە.

- ئایا مەرجە گەرانیبەژ ژنیار بێت ؟
- بەڵێ زەر گرنگە گەرانی بەژ ژنیار بێت و سەرکەوتوانتر دەتوانێ کارە هونەریەکانی باشتر ئەنجام بدات،لە هەمان کات دا هاوکارەکی باشی ژنیارەکان دەبێت،چ لە کاتی تەمارکردنی گەرانیەکان یاخود لە کاتی سازدانی کەنسەرتەکان بە شەویەکی زیندووە.
- لە ئێستادا چەندین فەرمی گەرانی هەن بەنموونە وەك (ەاپ) چەن دەەوانیێت ئەم شەوازانە بەتایبەتی بە نەو کەەگای کوردی؟
- بە بە چونی من " ەاپ" جەرەکە لەو شەوازە هونەری کە نامەیە و جگای نابێتەوە لە چوار چەوی مەژووی هونەری ەەسەنی کوردی و شتەکی کاتی یە بەەام هەندە لە گەنجەکان حەزی لەدەکەن.
- هیچ بەرهەمەکی نوێت لە هەگبەدایە؟
- بەڵێ چەند بەرهەمەکی نوەم لەبەر دەستە و کاریان لەسەر دەکەم و بەو هیوام تەمەن ەەگام پەبدات و ئەنجامیان بدەم بیخەمە بەر گوەی بیسەران.

ناوی هەندە لە گەرانیەکانی هونەرمەند عزەدین شاهەیی: گەرانی "سیلەی چاو "هەنراوەی م. قادری علیخا ئاوازی ناسری کریمی،گەرانی "گەەای تەمەن "هەنراوەی د. ژیلوان تاهیر ئاواز ی عزەدین شاهەیی ،گەرانی" ئاوەنەی ئەوین"هونراوەی م. قادری علیخا ئاوازی عزەدین شاهەیی ،گەرانی" لە یادمی" هەنراوەو ئاوازی کەمال یابە، گەرانی "شەوی تاریك" هەنراوەی حسەن شریف پەناهی ئاواز و وتنی عزەدین شاهەیی ،گەرانی "پەری شیعر" هەنراوەی حسەن شریف پەناهی ئاواز و وتنی عزەدین شاهەیی.

ئوم فەهدکانی کوردستان.. شوان عەباس بەدری

چوار ڕۆژ لەمەوبەر و لەناو جەرگەی شاری بەغداد ،بلوگەرێکی عیراقی بەناوی غوفران مەهدی سەوادی ،ناسراو بە "ئوم فەهد" ،لەبەردەم ماڵەکەی خۆی بە دەمانچەی بەدەنگ کوژرا و کووشتنەکەشی قسەو باسێکی زۆری لەدوای خۆیدا هەنا.
هەرچەندە کووشتنی ئەم خانمە شتێکی ئاوەندە گەورە و گران و گرنگ نەبوو و نیە بەڵامو ، بەڵام لەگەڵ ئەمشدا شێوازی کووشتنەکەی و لێزانی کەسی بکوژ و نهێنییەکانی پشت کووشتنەکەی سەرنجی ڕاکێشام و لە کووشتنەکەی خودی خانمەکە گرنگتر بوو بەڵامو.
بە واتایەکی تر هەموو کەسێک دەنگە بکوژرێت و هیچ نهێنی و بابەتێکی شاراوەی نەبێت کە ووبێت ،بەڵام لە کووشتنەکەی "ئوم فەهد"دا بابەتەکە تەواو پێچەوانەیەو بە تایبەتیش پێش کووشتنەکەی هەڕەشەی بەساوکردنەوەی چەندین نهێنی مەترسیداری لە کچە هاوپێشەیەکی خۆی کردبوو کە لەسەر پارە و شۆهسوورکانیان لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی عیراق و بەتایبەتیش بەرپرسکانی ناو دەزگا ئەمنییەکان، ناکەکی کۆتبووە نەوانیان.
گەر بە وردی سەرنجی چەنیەتی کووشتنەکەی بدەین و شارەزاییمان لە زانستی بەڵگەی تاوان و دەروونناسی تاواندا هەبێت ، ئەوا تەدەگەین کە کەسی بکوژ ،کەسێکی لێزان و پسپۆڕ لە کارەکەیدا و بە ڕای من دوور نیە بکوژەکە ئەفسەر یا کەسێکی تایبەتی ناو دەزگا ئەمنییەکانی عیراق بێت ، بە تایبەتیش لە شێوازی ڕاو کردنی نەچیرەکەی ئەم ڕاستییەنەمان بە ئاشکرا ئەبێت.
بە نموونە ، بکوژەکە بە شاردنەوەی خەتەکانی لەشی جلی ڕەشی لەبەرکردووە و لە زانستی بەڵگەی تاواندا کاتە بکوژ جلی ڕەشی لەبەردا بێت ،دەستنیشانکردنی خێت و دەرپەیوی یان بۆن بەکی و ناڕەحەتکی کەسەکە کارەکی قورسە ، دووەم زۆر بە هەمنی ماتەڕەکی لە پشت دیوارەکەوە ڕادەگرێت بە بە ئاوەی بیکوژنەتەوە و بە هەڕەکی نیمچە بازنەیی بەرەووی نەچیرەکەی دەڕوات تا دەکەوێتە ناو خاڵی کۆری ئاوێنەی شەفرەکە و لە کەمتر لە چرکەیەک پەلاماری دەرگای لای شەفرەکە دەدات و بە دەمانچەیەکی بەدەنگ "ئوم فەهد" ئەکووژێت ،

سەیەم دوای کووشتنی نەچیرەکەی تەنها و تەنها مەبایلەکەی دەبات و بە پەلە قەوانی فیشەکەکانی کەدەکاتەوە تا بەم جۆرە تیمەکانی بەگژی تاوان لە هەی قەوانەکانەوە نیدەزنەوە ، کە ئەمش خۆی لە خۆیدا ئەوەمان پەدەەت ئەم کەسە شارەزاییەکی باشی لە زانستی بەگژی تاوان و کاری تیمەکانی بەگژی تاوان و دژگا ئەمنییەکاندا هەیە، چوارەم بەبردنی تەنها مەبایلی نیچیرەکەی لە کاتێکدا جانتاکەی کەسی کوژراو چەندین دەفتەرە دۆلاری تیا بووەو ئەو خشە و ئاتووناتشی کە بە دەست و گەردنییەوە بوون نرخەکەیان چەندین دەفتەر دۆلار بووە ،ئەوەمان بە ئاشکرا دەکات کە مەبەستی کەسی بکوژ دزی نەبووە ،بەکوو تەنهاوتەنها فەرمانی پێکراوە کە "ئوم فەهد" بەدەنگ بکات و مەبایلەکەشی بەنەت لەگەڵ خۆی ، واتە هەموو نهێنی کووشتنەکەی ئەم خانمە لەناو مەبایلەکەیدا بووەو بەگژ و نهێنییەکانی ناو مەبایلەکەی سەری خوارد تا بەم جۆرە ەگژ لە ئابرووچوونی بەرپرسێکی پلە باڵای حکومی یان وەزیرێک یان سەرۆک حزبێک یان مەلاوەمامە بەسەرێکی ناسراو یان پەرلەمانتارێک و ەنگ سەرۆک وەزیرانێکی عیراق بگیرێت.

بەهەر حاڵ بە کووشتنی "ئوم فەهد" ئەو نهێنییەش کە بریاربوو لە دژی کچە هاوپیشەکەی بەاویبکاتەوە هەر وەک نهێنییەکانی تری ناو عیراق تائێستا وون بوو و کووشتنەکەی هەموو ئاگرەکانی بە درۆکردنی پەنجەی تاوان بە هەموو سیاسی و ئەفسەرە باڵاکانی ناو دژگا ئەمنییەکانی عیراق بە کراوەیی هشتەوە و ەنگ لە داهاتوودا کاتە کارتی سیاسی یان ئەفسەرێک دەسووتێت بە کردنەوەی ئەم دەسیەی کووشتنە نیارەکانیان لەیان بدەن و تاوانی کووشتنەکە بخەنە ملیان کە پشتریش چەندین کاری بەم جۆرە بە دەرپەاندنی سیاسی و ئەفسەرەکان کراوە.

گەر سەیرێکی دەسیەی کووشتنی "ئوم فەهد" بکەین ،ئەوا تێدەگەین بە دەیان "ئوم فەهد" و هاوشێوەکانی لە کوردستاندا دۆزین کە ەنگ ئەمانیش هاوشێوەی "ئوم فەهد"کەی بەغداد چەندین کەیسی تەمارکراوی ئابرووبەر و مەترسیداری ئەم هەرەمیان لابەت و ەژانەش لە شوێنە گرانبەهاکان دابنیشن و پۆزی پارە و ئاتووناتشن لەبەدەن و لەناو خێیشاندا بە شانازییەوە باسی ئەوە بکەن کە چەندین بەرپرس و دەوەمەندییان لە خشتە بردووە و تەماری سەکسی یان هەر نهێنییەکی دیکەیان لایە.

لەرەوە ئەوەی گرنگە بزانرێت ئەوەیە کە کەس تاکو سەر ئازیز و شیرینی دەسەاتدارە پلەباڵاکان نییە و تا ئەوکاتە گرنگیت کە لەت تەرنەبوون یان خود کاریان بە دەکەیت و کاتە ئەو بەرژەوەندییە نەما یان بووی بە مەترسی ،ئەوا کووشتنت لە خواردنەوەی پەرداخ

ئاو ئاسانتر، باشترین نموونەش کووشتنەکەی "ئوم فەهد"ەکەی بۆغایە کە بە یەک تەلەفۆن بازرگانی هەندەگرت و ئەفسەرەکانی دەگواستەوە و نیمچە حاکمێکی فیعلی بۆغا بوو ، بەڵام دواجار بە چوار فیشەک کرایە قوربانی ووتکردن و شاردنەوەی نهێنییەکان و بگومان ئایندەی "ئوم فەهد"ەکانی کوردستانیش لەو باشتر و جیاوازتر نابێت.

کتێبی مۆژووی وەرگێڕان لە سەردەمی خەلافەتکانی ئیسلامیدا چاپ و بڵاوکرایەوە

کتێبی مۆژووی وەرگێڕان لە سەردەمی خەلافەتکانی ئیسلامیدا، لە نووسینی دڵشاد کاوانییە. تۆژینەوەیەکی زانستی مۆژوویی مەعریفەی ئیسلامییە. لە لای دەزگای پەڕژەی ئاگا چاپ و بڵاوکرایەوە.
ئەم کتێبە یەکەمین تۆژینەوەی کوردییە لەمۆژووی وەرگێڕان لە هەرسێ خەلافەتکانی ئیسلامی ڕاشدیی و ئومەوی و عەباسی کێشەیوتەوە و زیاتر لە چل بەرگنامە و دەستنووسی زانایان و فەیلەسووفانی ئیسلامی خراونەتەروو.
باس لە بەرهەم و وەرگێڕان و داهێنانی سێ قۆناغی گرنگی زانایانی ئیسلامی دەکات. کە لە بوارەکانی پزیشکی و بیرکاری فەلەکناسی و کیمیاسازیی فیزیازانیی سەردەمی زێڕینی زانستگرایی ئیسلامیدا لە قوتابخانەکانی جوندیشاپور و ماڵی حیکمە و تەرابلوس و ئەندەلوس و مەراکش و دیمەشق سەرتەپی جیهان بوون و ئێستاش گرنگیان هەبووە.
دڵشاد کاوانی ڕایگەیاند: خوێندنەوەی کوردی بە گشتی بە فەیلەسووف و زانایانی ئیسلامیی ئاشنانییە. بۆیە دوای سەردەهەمین بەرهەم، جیاواز لەکارەکانی پێشوو ئەم دوا کتێبەمە کە چاپ دەبێت، دەتوانم بڵێم قوناغێکی کارەکانی پێشووترم بووە کە دەستم داوەتە.
هەروەها گوتی: کتێبەکەم پێکهاتووە لە تووژینەوە لە ژیان و بەرهەمی وەرگێڕاوی سی و حەوت زانای مسوومان، لە سەردەمەکانی کۆتایی خەلافەتی ڕاشیدیی و خەلافەتکانی ئومەویی و عەباسی. لەگەڵ کەمەلێک دەستنووس و زیاتر لە ١٠٨ پەڕاوێز و ١٣ سەرچاوەی عەرەبی و ٨ سەرچاوەی فارسی و ٥ سەرچاوەی ئینگلیزی. ٢ سەرچاوەی تورکیم

بەکارهێناوە.

کۆمەڵە شیعری (ژیان بەدەنگ بە مردن قسە دەکات) بڵاودەکرێتەوە

وەشانی نووسیار لە وەرزی نوێی کتێبەکانیدا کۆمەڵە شیعری (ژیان بەدەنگ بە مردن قسە دەکات)
لە نووسینی ئەمیر ئەمین چاپ و بڵاودەکاتەوە.

لەبارەی ئەم کۆمەڵە شیعرە ئەمیر ئەمین دەڵێت:
ئەم کتێبە دووەمین هەوڵی منە کە ماوەی دەساڵە کاری تێدادەکەم هەوڵم داوە لەشیعرەکانم دا هەموو شتەکانی چواردەورم مانا و دەلالەتی نوێ وەربگرن ودواجاریش هەموویان بچنەوە خزمەتی زمانی شیعرەوە ،کاری گرنگی شاعیر دەزینەوەی فۆرم و تەکنیکەکی جودایە لەوانەی پێش خۆی و سەردەمی خۆیشی ئەم شیعرانەش بەشێکی زۆریان سەربەو ڕیالیزمە واقیعییەن کە لەووی دروستکردنی وێنەی شیعرییەوە کارکردنی منی پەدادەناسرێتەوە،ئەم شیعرانە بەرهەمی ئەو جیاوازییە گەورانەن لەنێو دونیای ئەمەماندا بەری دەکەوین.
هەمیشە هەوڵم داوە زمانێکی نوێ و ئەرکێکی نوێ بەشیعری کوردی بدەم تاچەند سەرکەوتوم لەمەدا ئەویان شیعرەکان و دواجاریش خوێنەر و ڕەخنەکارانی کوردی دەتوانن قسەی لەبارەوە بکەن ،بەڵام دڵخۆشم لانیکەم دەزینەوەی زمانێکی تایبەتی شیعری لە پێشکار و هەوڵجدیکانم بووە ،
بەبڕاوکردنەوەی ئەم بەرهەمەش (نوسیار)م هەڵبژارد چونکە پەم وایە نوسیار ئاوەکی جدی داوەتەوە لە بەرهەمە ئەدەبی و فکریەکان و تایبەتتر شیعر ،هیوادارم ئەم کتێبە هەوڵێک بێت بۆ زیاتر دەوەمەند کردن و جوانترکردنی زمانی کوردی .

پارچە شیعرێک لە کتێبەکەکە:
ئەوەی نەیهێشت کچێنی ئەم پەکەنینە
تاکوو ئەوسەری بەهار بەوات
بە بەوژنی بە چوار فرمێسکی هاتیوە

گەاندیەو ناو خەمان ژیان نەبوو؟
ئەوەی بە شمشێری شەرەف گەردنی حەواکانی خەتانی خوێن کرد
ئادەمکانی فێری خوێن مژین کرد ژیان بوو .
گەر ژیان بیەهشتبا بەدیار مەراقی بەهەشتەو نەدسووتام
بە دیار گەی جەهەنەمەو هەنەدەلەرزیم .

ئەم گەزەی مردنە بەدەستی کچکی قژزەردەو شکا
بەناز لە کانی جوانی دەهاتەو
لەو ەەژەو مردن بوبە هەزار پارچە و
کچی قژزەردیش بووبە کانی !

لەبارەی شاعیرەو:

ئەمیر ئەمین: شاعیر و شانەکار لە ساڵی ١٩٨٧ لە سەیدسادق لەدایک بووە. یەکەمین کتێبی شیعریی بە ناونیشانی (من و تۆ بە لەدایک بووین) ساڵی٢٠١٤. خاوەنی چەندین خەڵاتی شیعرییە لە دیارترینیان خەڵاتی فەخری فێستیڤاڵی نالی بە شیعر، خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵی گوڵەهەنار بە شیعر و خەڵاتی دووهەم لە بیست و دووهەمین فێستیڤاڵی گوڵاوێژ بە شیعر. بەرپرسی خانەی گۆشبیری وەلی دەوانە و ئەندامی نەوەندی تەرا و ئەندامی تیپی شانەی نالی و دەستەی دامەزرێنەری تیپی شانەی موکریان و سەرپەرشتیاری (گروپی شەم) بە چالاکی ەەشنبیرییە لە سەیدسادق.

خەیاڵە سەربەدراوەکان.. شیعری ستیڤان شەمزینی

لەم چاخە سەزانییەدا
بەڵن خەشەویستی لەلای شتەکان
لە ناو شتخانەکاندا بدەزنەو
ئەگەر لەوش دەستتان نەکەوت
وەرن بەلوعەی دەی من بکەنەو

پەنجەرەی هەستمان
تەمی نیگەرانی گرتوویەتی
کەسێک نییە
بە ئاوریشمی خۆشەویستی بیستەوە
ئاوەی من دەبینیم
لایلایە بە عەشق دەکات شیعرە
کە چەشنی باخ
دەی خەی بە گوێک دەکاتەوە
بۆن لە شیعرەکاندا
بە دوای خۆشەویستیدا وێ بن

زەمەن، زەمەنی ونبوونە
پیاوەکان لەناو هەوری تووڕەییدا
ون دەبن
ژنەکان لە تونێلە تاریکەکانی کولتووردا
ون دەبن
منداڵەکان لەناو یارییە ئەلیکترۆنییەکاندا
ون دەبن
کچەکان لە چاوی دەزگیرانەکانیاندا
ون دەبن
کوڕەکان بە دەم زریانی سڤڕەوە
ون دەبن
ئاوەی دەمێنێتەوە تەنها خەمم
لەنێو کتێبە قەبەکاندا بزر بووم

زەمەن، زەمەنی تەواو نەبوونە
شاعیرێک دەبینم
گریانی بە نانووسرێتەوە
نازانێت چۆن
قەسیدە گرینەکەی تەواو بکات
هەورێک دەبینم بە بارانەوە ئاوس بووە
ناتوانێ خۆنی بارین تەواو بکات

خەم دەبینم بە پێووچکی سپیەوە
ڕۆژە ڕەشکانی خەم دەنووسمەوە
هیچ کاتیش تەواو نابم لە نووسینەوە

خەمم بە نادەزرەتەوە
نازانم ئێستاکە لە کوێم!!
ئاوێ بە هەر لایەک دەدەمەوە
هەر چیمەنی دەتەنگیەیە
سەر بە ئاسمان بەرز دەکەمەوە
هەوری چڵکن ناهێڵێت خەر نیگام بکا
تا گوڵە هەرەکان لە مندا بگەشێنەوە
چارم نییە بە دەزینەوەی خەم
دەبێت لە تەدا
بە دووی خەمدا بگەڕێم

چەند بەزارم لێم سەردەمە
پیاوەکان ڕووخساریان وەک دەریایە
دەیان پارچەیەک کەنکرێت
ژنەکان سیمایان وەک خەڕ
ڕەحیان شووشەی شکاو
ئێوە بە تەنیا خەمم
بە ڕووخسارەکی شەواوە
ڕەحم، لەسەر مەرقەدی
خۆشەویستی دەگەڕێتەوە

ستیڤان شەمزینی

زەر نزیکی لەم.. گەرانی: خەلیە ئەگلەسیاس.. وەرگەڕانی لە عەرەبییەوە: پشکۆ ناکام

زەر نزیکی لەم
ئەموو هەموو ژیانم
هەر نزیک بی لەم
ئەمش ئاستەم
چ بە تە،،چ بە من
چونکە :کەسکی تر چاوەڕوانتە
زەر نزیکی لەم
سبەی وادەی سەفەرتە
منیش ڕۆژگار
و
ژیانکی بە تە بەسەر بەرم
جەن ئەتوانم..؟ نازانم
هەوەی قسە کردن مەیە
فرمێسکەکانت لەسەر ڕووەتم
هەموو شتەک
کە بکرێ بووترێ ،ئەڕ
خەشت ئەزانی
ئەمڕۆ لە دونە
زیاترم خەش ئەوە ی

ئاخە بە بە تە
ئەم ژیانە، چەن بگوزەرێ

بە تەنها شەوکی تر
ڕۆ بە ببە بەدوا خەونەکانی
نەوانمان،، بە ئەبەد
کە سبەی هات
ئیتر تە لەرێ نەماوی
گەر چی لە خەوکانا
زەر نزیکی لەم

زۆر نزیکی لێم
سبەی کاتێ دەست ئێگێم
تەنها یەک شوێن خاڵیە
ماچی سەرینێ چێکێ ئەکام
تا ڕووخسارت ببینم
زۆر نزیکی لێم

من ڕزگارم کردیت
بێام تا ئەبەد
بەندی ناو دڵمیت
چونکە تاکە شوێنی
شایستەی تۆیە کە لێ ی بیت
زۆر نزیکی لێم
گەر سبەی ڕۆژیش نەهات
با نەیەت...
گەر لێگێما بیت
دونیا لێ خولانەوە ناکەوێت

چۆن تۆ نزیکی لێم
منیش نزیکم لێت

ئەمشەو هی ئەمەیە
کە ڕۆشتیت
لێ ساتەکانا...لێ ڕۆژەکانا
خەشەویستیم بۆت، بەردەوامە
لەبەر ئەوەی
هەردەم زۆر نزیک ئەبی لێم'
....زۆر نزیکی لێم

لێ ناوێاستی دڵدا.. شیعــری

نەوزاد بەندی

ئەو ڕۆژەی کە لێک دابڕاین
هیچ هەڵکارێکی پەیوەندیی
بەردەست نەبوو ..
بە دابڕانێک دابڕاین ،
ئێستا نازانم تە مردوویت
یان بووی بە سەرۆک وەزیران ..
نازانیت کوژراوم
یاخود بووم بە وەزیری کشت و کاڵ ..

ئەو ڕۆژەی کە لێک دابڕاین ،
تەنانەت شەماڵ خۆتبوو ،
هەواڵەکمان ئاڵ و گۆڕ کا ..
کەتر بایکەتی کرد بوو
نامە جەڕە بوو لە تاوان ..
ئێستا نازانم لە سوید داتکوتاوە ،
یان لە کەشکی فیرعەونەکان ،
نازناوت نەفەرتیتیە ..
نازانیت بووم بە پەشمەرگە ،
یان لە مەڵەکی چەک و هەڵە ،
لە پێنج مەتر فرێشگادا ،
مانگی هەزار دۆلار دەدەم ..

ئەو ڕۆژەی هەواڵت نەما ،
خەڵر گیرا بوو ..
ئاستی ئاوی بەنداوەکان
هەڵکشا بوون ..
لە لایەک خەڵک ئێخنکان و
لە لایەک شایی لێغان بوو ..
ئێستا نازانم چوویتە
کەناڵەکی ڕاگەیاندن
تەنها دەمت لێکاردایە ..
یان لە ئێنلاین ،
کاڵای دەستی دوو ئەفرێشی .
تێیش نازانیت
ئێستا خانەنشین بووم و

دەروازەکانی دەم ، شەبەکە و
باڵکۆن دەست بەسەری کردوون ..
یان بووم بە خاوەن کەمپانیا و
شەو نییە خەو
بە دەلاڕەوە نەبینم

ئەو ڕۆژەی کە ووتم کردیت ،
گەپ و تەزووی کارەبا ،
لە شەقدا بوون ..
دووربین ،
میکرۆسکۆپ ،
زەڕەبین ،
بە خۆی چەشت دەست نەئەکەوتن ..
ئەستا نازانم هاوسەری
جوملە فرۆشکی ڕەی چینی ..
یان لە باخچەی ساوایانا ،
لە ژووری گەلاس ،
گەرانی بە ئینگلیزی ئەنجیتەوە ..
هەشتا مەردت نەکردووە ..
تەیش نازانیت
لە ئاوی ئیجە خنکاوم ..
یان مامەستای ناڕازیم و
زیندان نییە جنۆم
تیا نەخواردبە ..

ڕۆژە بوو ،
هیچ ئوتومبێلێ قومە بەنزینی تیا نەبوو ..
سەوە و بەلەم لەک عاجز بوون ..
ئەسپ و عەرەبانە
شیر و تیریان لەیەک ئەسوو ..
لە هەموو پەیوەندییەکانا ،
دەیان بازگە دانرا بوون ..
نەوان مەفرەزەیەک و مەفرەزەیەک ، مەفرەزەیەک
لە سەنگەر و بەسەدا بوون ..
سەدان چەکدار ،
یارییان بە پەلەپیتکەی
چەک ئەکرد و

چزووی م□□یان ئ□چ□قاند
ب□ □ووی ه□ر شت□ بجو□□ ..
شتی تریش …

ن□وزاد ب□ندی

پ□لک□ ز□□ین□ی چ□ما و□.. شیعری عارف کورد□

ه□موو ب□یانی□ک
خ□و..،
ه□نجن..ه□نجنم د□کات
ش□و..،
ب□پانایی زەوی
خ□یم پ□دا ئ□دات
خ□ری ب□هار دایه□زاندوم
ه□نگاو□کانم ش□ک□ت بوون
نوشت□ خ□ونی ئومێد
ب□سپ□د□یکی سفر□ی پ□،
د□ستم د□بات..
ب□ ناچ□وانی ل□چ ل□چم
تا..بس□ن□و□..،
ئ□و ئار□قان□ی،
ل□س□ر مووژ□م ئ□شک ئ□گرن
ن□و□ک..،
ب□ر ب□خ□ری چاوم بگرن
□□گ□..،
ب□د□□پ□ باران نادەم
ب□س□ر □وخسارما ت□پ□□□
تاکو تامی ن□ک□م..
ه□موو ت□م□نم،
کرد□ نان و

چوو بۆگەروی برستیدا
لە نەمتوانی،
پێنووسێک بکەمە نێوان
دوو پنجەی قژیشاوو
چرایەک،
لەژوورەکی تاریک پێبکەم
ئەم بیانیەش..
وەکو،
هەموو بەیانیانەکانی دیکە
بەخامۆشی،
تەپوتۆزی کارگەکان
بگەردنی شارۆچکەی دائاون
پڕلە قازووقوژینگ
بنەوان،
پڵکە زێڕینەی چەماوەدا..،
تە ئەپەنو قیژیان دە.